## دەستپێک

## دەستووری ناوخۆی دەزگای جەمال نەبەز

ئەم دەزگایەی بەناوی جەمال نەبەزەوە سازکراوە، لەسەر بنچینەی کارەکانی ژیانی ناوبراو دادەمەزرێت کە هەڵگری ناوەکەیەتی، کەسێک کە نیشتمانەکەی خۆی، واتە باشوری کوردستانی، لە ساڵی ١٩٦٠ دا بەجێهێشت، لە ڕێکەوتی ٢٠١٨\١٢\٨ دا لە بەرلین کۆچی دوایی کرد و لە ڕۆژی ٢١ی هەمان مانگدا لە شارەکەی خۆی، لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا. لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی بەرلینیش گڵکۆیەکی ڕەمزیی جەمال نەبەز هەیە. دەزگای جەمال نەبەز بەتایبەتی بۆ ئەو ئامانجە دامەزراوە تاکو هەموو ئەو بەرهەمانەی ناوبراو پاش خۆی بەجێیهێشتوون، بەرهەمە چاپکراو و چاپنەکراوەکانی، بخرێنە بەردەست و وەکو سەرچاوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزرێن.
جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٣٣ لە دایک و باپێکی کورد لە دایکبووە. باوکی لە نێو خوشک و براکانیدا جەمال نەبەز دەستنیشان دەکات تاکو بخرێتە ژێرپەروەردەیەکی تایبەت و وردی هەمەلایەنەوە. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە جەمال نەبەز چەندین زمانی ڕۆژهەڵاتی فێر دەبێت، پاش ئەوەیش لە چوارچێوەی ڕێنمایی و بە هاوکاری کۆمەڵێک مامۆستای تایبەت وانەی ئەدەبیات بەو زمانانە دەخوێنێت و ئاشنایان دەبێت. جگە لەم پەروەردە و هەوڵی خوێندنە تایبەتانە، جەمال نەبەز هەروەها و بە تایبەتی قورئانی لە حوجرەی ئەو ڕۆژگارە خوێندووە و تەواوی کردووە. لەم بوارەدا جەمال نەبەزی لاو هەندێ مەیلی خۆی و شتگەلێکی بەلاوە گرنگ بووە کە بەبۆچوونی خۆی بۆی گرنگ و سەرنجڕاکێش بوون. سەرباری ئەوەی باوکی دەیەویست ئەم لە بواری زانستی پزیشکیدا بخوێنێت، بەڵام وەکو نەبەز دەڵێت، کاتێک خۆی لە بواری زانستی فیزیک و ماتماتیکدا ویستوویەتی بخوێنێت، باوکی مەوافەقەتی لەگەڵ ئەکات. پاش مردنی لە ناکاوی باوکی، لە ئەنجامی ڕاوێژکردن لەگەڵ خوشک و براکانیدا دەبێت بە مامۆستای ناوەندیی و ئامادەیی لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا. وەکو خوێندکارێکی زانستگە و هەروەها وەکو ئەندامێکی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان، جەمال نەبەز لەو دەمانەدا کە لە شوێنی جۆراوجۆری عێراق و باشوری کوردستاندا کاری دەکرد، بە شێوەیەکی چالاکانەی پڕ وزە دەیتوانی، هاوشانی کارەکەی وەکو نووسەرێکی بەتوانا و واتاداریش کارا بێت. لە سۆنگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەم و کتێبەکانیدا، خوشکەکانی جەمال نەبەز هاوکاری دەکەن تاکو ئەو بەرهەمانەی نەبەز -لە کۆمەڵێ بواری جۆراوجۆردا- لە دۆخی سەختی ئەو ڕۆژگارەدا بڵاوبکرێنەوە. کاتێک جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٦١دا وەکو خوێندکار دەگاتە ئەڵەمانیا، ئەودەم لە نیشتمانەکەی خۆی، واتا لە کوردستان کەسێک بوو ناودار. لە ئەڵەمانیا بێ دواکەوتن و لەسەر خەرجی خۆی، لە زانستگە دەست بە خوێندنی ئێرانناسی دەکات. پاشتریش دەست دەکات بە کاری لێکۆڵینەوە بۆ ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لە زانستگەکانی ئەڵەمانیا. پاش چەند ساڵێک مانەوە لە ئەڵەمانیا و لە بواری ڕێکارەکانی ئاسایی بەهاووڵاتیبوون، دەبێت بە هاووڵاتی ئەڵەمانیا. نەریتی کاری زانستیی ئەورووپایی لە بواری کوردناسی، کە لە ئەڵەمانیا لە بنەڕەتدا لە سەدەی ١٩ەوە دەستی پێکردبوو، جەمال نەبەز دەستیکرد بە بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ئەو بوارە. سەرەتا بۆ ئەو مەبەستە لە چوارچێوەی کاری دەزگا و ناوەندە فەرمییەکاندا و پاشانیش بەشێوەی کاری ئازاد و سەربەخۆیانە درێژەی بەو کارە دا. لەو پەیوەندییەدا لە ناوە و دەرەوەی وەڵاتی ئەڵەمانیا نووسینە بڵاوکراوەکانی، بە گشتی زۆرترن لە سەد بەرهەم، بە کۆمەڵێ زمانی جۆراوجۆر، سەبارەت بە کۆمەڵێ بابەت و مژاری جیاواز.

دەزگا یان ناوەندی جەمال نەبەز دەزگایەکی کوردییە و بۆ کوردە، هەموو بەرهەم و میراتی وی و بەشێک لە سەروەتی هاوڕێی ژیانی وی هانەلۆرە کوشلەر بۆ ئەم کارە تەرخان دەکرێت، بەو شێوەیەش دەزگاکە دەتوانێت لە چوارچێوەیەکی سادە و خاکیدا کار بکات، بە جۆرێک دوور بێت لە کۆت و بەند، هەروەها کاریگەریی گیان و ویستی جەمال نەبەزی پێوە دیار بێت، کەسێک لە بنەڕەتدا ئەڤینداری ئازادی بوو، هاوکاتیش کەسێک بوو دووربین و هەروەها کەسێک بوو کراوە بەڕووی هەموو دنیادا. ئەو هەروەها بیرمەندێکی گشتبین و لێکۆڵەرێکی دەستپاک بوو، کەسێک بەدرێژایی هەموو ژیانی جەختی لەسەر مافی گەلی کورد دەکردەوە لە کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوودا وەکو نیشتمانی خوەزای خۆی.
ئەم دەزگایەی بەناوی ئەوەوە ناونراوە، دەستپێک پشتگیری لەو لێکۆڵینەوە و بەرهەمە وەرگێڕدراوانە دەکات کە کار لەسەر کارەکانی وی، ژیان و ڕۆژگاری وی دەکەن. جگە لەو کارانە، ئەم دەزگایە بە ئەرکی تایبەتی خۆی دەزانێت، ئەو پەڕی هێزی خۆی بخاتە گەڕ، تاکو هاوکار و یارمەتیدەر بێت بۆ تیشک خستنەسەر دۆخی هەنووکەیی کوردان لە ئەڵمانیا و لەدەرەوەی ئەڵمانیا، هەروەها کارکردن بۆ ناساندنی زمان، دیرۆک، هونەر، کولتوری کوردی و هەوڵدان بۆ بەرهەمی زانستی و گەشەدان بە نەریتی پەروەردە و فێرکردن.
دەزگاکە فرە زمان و هەروەها ئاراستەی کارکردنی نێونەتەوەیی دەبێت. دەزگاکە لە هەڵبژاردنی بابەت و چالاکییەکانیدا بێلایەنە و وابەستە نییە. دەزگاکە خۆی بەدوور دەگرێت لە کاریگەریی پارتە سیاسییەکان یان هێز و ویستی دەرەکی کاریگەریی بەسەر ئەم شێوازی کارکردنەی دەزگاکەوە نابێت. هەروەکو جەمال نەبەز خۆی، ئەو ناوەی دەزگاکە هەڵیگرتووە، چۆن لە ژیانیدا بێدەنگی بەرانبەر بە جیاکاریی نادادپەروەرانە لە دژی بێتاوانان پەسەند نەدەکرد و بێدەنگ نەدەبوو لە ئاستیدا، دەزگاکەیش بە ئەرکی خۆی دەزانێت مرۆڤی بێتاوان و خاوەن پێداویستی کە ڕاودەنرێت تەنیاباڵ بەجێنەهێڵێت، بەڵکو هەمیشە بەو پەڕی وزەوە لەپاڵیاندا بوەستێت.

### §1 مادەی یەک

### ناو، چوارچێوەی زاگۆنی، شوێن

دەزگای جەمال نەبەز، ناوی دەزگاکەیە.

ئەم دەزگایە، دەزگایەکی زاگۆنی-یە لە چوارچێوەی زاگۆنی مەدەنیدا و شوێنی کاری دەزگاکە لە شاری بەرلینە.

### §2 مادەی دوو

### ئامانج

(1) ئەم دەزگایە ئامانجی برەودانە بە کاری زانستی و لێکۆڵینەوە، هاوکات ڕاهێنانی گەلێری و پیشەیی، هەروەها برەودان بە بواری هونەر و کولتور.

(2) ئامانجەکانی ئەم دەزگایە جێبەجێدەکرێن بەتایبەتی لە ڕێگەی:

1 . دارشتن و ئامادەکردنی کەتەلۆگی بەرهەمەکانی جەمال نەبەز و هەروەها پێرستێکی پیشەیی سەبارەت بە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی (کە بریتین لە کاری سەرچاوەسازی - کۆمەڵێک فەرهەنگ، لێکۆڵینەوە، "دەستنووسی ئاکادیمی")، ئەمانە لە شوێنی تایبەتی لە دەزگاکە و لە شاری بەرلین – ڤیلمەرسدۆرف لەم ناونیشانە:

(Spichernstraße 15, 10777 Berlin)

وەکو کتێبخانەیەکی بەرچاو و سەرچاوەیەک ئامادە دەکرێت و دەخرێتە بەردەست، لە سەرەتادا دوو شوێنی کار ئامادەدەکرێن، هەروەها کاتی کار و کردنەوەی دەزگاکەیش دیاری دەکرێت.

2 . پێرستکردنی دەستنووس و بەرهەمەکانی جەمال نەبەز (یادەوەری، نامە، دەستنووس) لەنێویاندا دەستنووسە بڵاونەکراوەکان یان ئەو بەرهەمانەی بە کۆمپیوتەر و داکتیلۆ نووسراونەتەوە (ئەو نووسینانەی بۆی نێردراون بۆ هەڵسەنگاندن یان نرخاندن). ئەم پێرستکردنانە (لیستەی تۆمارکردنی بەرهەمەکانی بەردەست -تۆمارکردن و پاراستنیانە بە شێوەیەکی پیشەییانە) مەرجی بنەرەتی دەستەبەردەکەن بۆ بەکارهێنانی ئەم بەرهەمانە بە مەبەستی کاری لێکۆڵینەوە لە داهاتوودا.

3 . کاری پێکەوەیی لەگەڵ مۆزەخانەی شاری سلێمانی، شوێنی لەدایکبوونی جەمال نەبەز (شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکەی)، کە دەیانەوێت بەرهەمەکانی پێشان بدەن و هەروەها شوێنێک تەرخان بکەن بۆ دیدەنی و یەکگرتن لەو پەیوەندییەدا. ئەم ناوەندەی جەمال نەبەز ئامادەیە بەشێک لە بەرهەمەکانی جەمال نەبەز، لە باشوری کوردستان، زێدەکەی خۆی، پێشکەش بە زانستکارانی پایە بڵند بکات یان بەشێوەی خواستراو بیانداتێ. بەهەرحاڵ کاری هەرەوەزی لەگەڵ مۆزەخانەی شاری سلێمانیدا دەبێت بە هۆکار تاکو پەیوەندییەکی بەنرخی کولتوری بۆ دەزگاکە دەستەبەر بکات.

4 . ڕاگەیاندن و پێدانی کارگەلی زانستی (چ پرۆژەی لێکۆڵینەوە یان کارگەلی دیکەی زانستی بێت) بۆ کەسانێک دەیانەوێت هاوکاری بکەن، ئەوەیش لە چوارچێوەی مادەی ٥٧ بەشی ١ پەرەگرافی ٢ ی ڕێساکانی باج بۆ هەندێک بابەتی دیاریکراو. لەو بوارەدا دەزگاکە سۆراخی کەسانێک دەکات کاری لێکۆڵینەوە لە ئەستۆ بگرن و هەروەها کەسانێکیش پشتگیری دارایی - سپۆنسۆری پرۆژەکان بکەن. کار دەدرێت بە کەسانی لێکۆڵەر، ئەو کەسانەی کە یەکێک لەو بابەتانە سەرنجیان ڕادەکێشێت و کاری لێکۆڵینەوە -بەجۆرێک کە لەلایەن دەزگاکەوە دەستنیشان دەکرێت- دەیانەوێت جێبەجێی بکەن.

5 . کۆبوونەوەی ساڵانەی دەزگاکە، کە هاوکات بۆنەیەکی کولتوریش لەخۆدا بەرجەستە دەکات، بە موزیکی زیندوو و بەرنامەی کولتورییەوە، بابەتی جۆراوجۆری میدیا، بەردەوام لەسەرەتای مانگی دیسەمبەردا سازدەکرێت (ڕۆژی لە دایکبوونی هەڵگری ناوەکە ١٢\١، ڕۆژی مردنی ١٢\٨). لەو بۆنەیەدا جگە لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کار، چالاکی ساڵی ڕابردوو، بەرنامە و پلانی ساڵی داهاتوو، هەروەها کۆبوونەوەی ساڵانە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئەو بازنەی هاوکاری و پشتگیرییەی لە ساڵی ڕابردوودا بە گیانی دۆستایەتی ئەڵەمانی-کوردی کاریگەر بووە و پێویستە ئەو کارە لە ئاستی پێویستدا بنرخێندرێت.

6 . لە دەزگای جەمال نەبەز دەرفەت هەیە بۆ ئەو کەسانەی مەیل و مەبەستیان هەبێت، بەتایبەتی لاوانی ڕەوەندی کورد لە بەرلین و لە ئەڵەمانیا، لە دەزگاکە پراکتیکۆم (پەروەردە و ڕاهێنان بە ئامانجی فێربوون و بارهێنان) بکەن. ئەگەر کەسانی خاوەن گرێبەستی سنووردار لە دەزگاکە هەبن یان بواری بەخشینی گرێبەستی کار

هەبێت، ئەوا دەدرێت بەو هاوکارانەی ئەو هەلومەرجانەیان تێدابێت کە ئەو کەسانەی پراکتیکۆم لە دەزگاکە دەکەن، بتوانن لە ڕووی پەروەردەییەوە فێرکردن و ڕاهێنان بۆ پێگەیشتوان پێشکەش بکەن، هەروەها وەکو نمونە لە ڕووی شارەزایی و پسپۆرییەوە، بزانن مرۆڤ چۆن پێشهات و ڕووداو هەڵدەسووڕێنێت و لەگەڵ پێشهات و ڕووداودا چۆن هەڵسوکەوت دەکات. دەستەبەرکردنی ئەم کارانە؛ نەخشەسازی و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕ، پاراستنی بەرهەمی یادەوەری و مێژوویی، پەیوەندی گشتی، خشتەسازی و کاری ئەرشیڤ.

7 . ) ئامادەبوونی دەزگاکە پاش ڕێکەوتنی سپۆنسۆران بەمەبەستی دابینکردنی خەرجی خوێندن و پەروەردەی کەسانی بەهرەمەند یان مرۆڤی بەتوانای کورد و هەروەها گرتنە ئەستۆی تەکنیکی هەڵسووڕاندن و سەرپەرشتیکردنی ئەو کەسانەی بۆ خوێندن و بۆرسی خوێندن دێن. دەزگاکە هەروەها دەیەوێت لە ڕێگەی کەسانی شیاو و شارەزای ئاراستەکارەوە، لە ڕێگەی ڕێکخستن، دابینکردنی دیدار، گۆڕینەوەی بیر و تواناوە، یارمەتی کەسانی خاوەن بۆرسی خوێندن بدات لە دەزگاکە، یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پشتگیرییان بکات.

8 . سازکردن و بەخشینی خەڵاتی جەمال نەبەز بۆ زانست. خەڵاتەکە بەلای کەمەوە دوو ساڵ جارێک پێشکەش دەکرێت و لەیەکێک لەم بوارانەدا دەبێت: سیاسەت، ماف، مێژوو، زانستی زمان، هونەر، ئەدەب، موزیک، بیرکاری، زانستی پزیشکی، زانست، بۆ ئەو ئامانجە کۆمیتەیەک دروست دەکرێت، کە پەیوەندی بە کەسانی خاوەن متمانەی شارەزاوە، لە ناوەوە و لە دەرەوەی ئەڵەمانیا، دروست دەکەن، لە کارگەلێک دەگەڕێن شایستەی پشتگیری بن و ئەو پێشنیازانە ئامادەدەکرێن بۆ مەبەستی ئەوەی ئەو کارانە شایستەی خەڵاتکردن بن و هۆکاری هەڵبژاردنی خەڵاتوەرگران دەستنیشان دەکەن.

(3) هەموو ئەنجامەکانی کارە زانستییەکان (ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان یان چالاکییە زانستییەکان) بەشێوەیەکی خێرا لە لایەن دەزگاکەوە بڵاودەکرێنەوە؛ هەموو چالاکی و بۆنەکانی دەزگاکە بۆ هەمووان کراوە و لەبەردەست دەبن.

(4) پێویستە لەسەر دەزگاکە بەشێوەیەکی گونجاو کاری نوژەنکردنەوە و دەستپێداهێنانی گڵکۆی ڕەمزی، هەڵگری ناوی دەزگاکە، واتا گڵکۆی جەمال نەبەز بگرێتە ئەستۆی خۆی. (ئەو گڵکۆ ڕەمزییەی کە لە گۆڕستانێکی بەرلین وەکو بەشێک لە چەقی بڕیاردانی خێزان لەلایەن خاتوونی دامەزرێنەرەوە بنیاتنراوە). پاش مردنی خاتوونی دامەزرێنەر و ناشتنی لە هەمان ئەو شوێنەی ئاماژەی پێکرا، پێویستە دەزگاکە سەرپەرشتی گۆڕی خاتوونی دامەزرێنەریش بکات و سەرپەرشتی بکات. بۆ ئەو مەبەستە دەزگاکە دەتوانێت، لانی زۆر، ٣\١ داهاتی خۆی تەرخان بکات یان بەکاربهێنێت.

(5) هیچ ڕێکارێکی زاگۆنی بۆ بەخشینی سەروەت و سامانی دەزگاکە بوونی نییە.

(6) دەزگاکە هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی لێبڕاو و بەرجەستە کاری بێ دەستکەوت و قازانج بکات، بە واتای "لە زاگۆنی باج" بێتە بەخشین، بە گوێرەی پارەدان لە"ڕێساکانی باج ".

(7) دەزگاکە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کارا و چالاک دەبێت؛ مەبەستی سەرەکی دەزگاکە داهات و دەستکەوتی دارایی نییەو ئامانجی وەهای نییە.

(8) بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، دەزگاکە ناچار نییە هاوکات و بە هەمان قەوارە لە بوار و چوارچێوەی ڕێساکانی شیاوی باجدا، واتە "بەشی دوو" کارا بێت. دەزگاکە تەواو ئازادە کام لە ئامانجەکانی و بە چ ڕێکارێک جێبەجێ دەکات.

## مادەی سێ §3

## سامان، چۆنییەتی بەکارهێنانی سەروەت

(1) لەکاتی داننان و بە فەرمی بوونی دەزگاکە، سامانی دەزگا لە کار و چالاکی دەزگاکەوە سەرچاوە دەگرێت.

(2) پێویستە سەروەت و سامانی دەزگاکە بە ناوی دەزگا خۆیەوە بێتە پاراستن. سامانی دەزگاکە لەرێگەی کەسانێکەوە گەشە دەکات کە دەزگاکە هەڵدەسورێنن، ئەوانەی خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە؛ دەزگاکە بۆی هەیە ئەو جۆرە گەشەکردنانە بۆ خۆی پەسەند بکات. دەزگاکە هەروەها دەتوانێت بەخشین و هاوکاری بێ دەستنیشانکردنی هۆکارێکی دیاریکراو بەکاربهێنێت لە سۆنگەی مردنەوە، بۆ دەستەبەرکردنی خۆڕایی لە چوارچێوەی مادەی ٦٢ بەشی ١ ژمارە ٣ لە"ڕێساکانی باج ". هەروەها ئەوەی لە مادەی ٦٢ بەشی ٤ لە "ڕێساکانی باج " زێدەبایی و داهات ئاماژەی پێکراوە و بۆ بروەدان بە داهاتی دەزگاکە.

(3) دەکرێت سەروەت و سامانی دەزگاکە لە ساڵێکدا، تاکو لە سەدا ٥ی داهاتی ساڵی ڕابردووی، بێتە بەکارهێنان، ئەمە ئەگەر ئەنجومەنی ڕاوێژکار دەنگیان بەوە دابێت، دەنگدانێک هەموو کەسانی خاوەن بڕیار تێیدا بەشدار بووبن، ڕاکێشانی ئەو بڕە پارە خوازراوە بۆ جێبەجێکردنی کار و ئامانجەکانی دەزگاکە پێویستە؛ دەبێت لە ساڵی داهاتوودا گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیە مسۆگەر بێت.

(4) داهات و سامانی دەزگاکە و کەڵەکەبوون یان گەشەی دارایی، بۆ جێبەجێکردنی کار و ئامانجەکانی دەزگاکە بەکاردێن.

(5) کۆکردنەوەی پارەی یەدەک ڕێگەپێدراوە، بەمەرجێک ئەمە کاریگەری لەسەر بەخشینی دەزگاکە لە باج نەبێت.

(6) دراو تەنها ڕێگەپێدراوە کە بۆ ئامانجی زاگۆنی بەکاربهێندرێت، ڕێگە بە هیچ کەسێک نادرێت پارە بۆ شتگەلێک خەرج بکات نامۆ بن لەگەڵ ئامانجی دەزگاکە، یان کارێک بکات خەرجی و مەسروفاتی زۆر لەسەر دەزگاکە کەڵەکە بن.

## مادەی چوار §4

## بەشەکان

(1) بەشەکاتی دەزگاکە بریتین لە:

1 . دەستەی بەڕێوەبەر
2 . ئەنجومەنی ڕاوێژکاری

(2) هیچ ئەندامێکی یەکێک لەو بەشانە ناتوانێت هاوکات ئەندامی بەشەکەی دیکەیش بێت.

## مادەی پێنج §5
## دەستەی بەڕێوەبەر، سەرۆکایەتی

(1) دەستەی بەڕێوەبەر بەلای کەمەوە لە دوو کەس پێک دێت. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر بەگوێرەی بەشی ٢ دەبێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ کارکردن بانگبکرێن؛ دامەزرێنەری دەزگاکە بۆ هەمیشە لە کاردا دەبێت. یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەر دەستبەکار دەبن. ئەندامانی یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەر کاتێک لە دەزگاکە دەست بەکار دەکەن، کارەکەیان خۆبەخشانە و بێ بەرانبەر دەبێت. سەرباری ئەوەیش خەرجی مەسروفاتی پێویستیان بۆ دابین دەکرێت. ئەندامانی دیکەی دەستەی بەڕێوەبەر بۆ کار و چالاکیان پاداشتی کار وەردەگرن، تاکو ئەو شوێنەی توانای دارایی دەزگاکە ڕێگە بدات. ئەم مەسروفاتانە بۆ هەموو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لە سەرجەمی ساڵدا دەکاتە 0,4 لە سەدای داهاتی پاڵاوتەی دەزگاکە.

(2) تاکو ئەو دەمەی دەزگاکە کارا و بەردەوام بێت، پێویستە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو بێ دواکەوتن بگۆردرێت. پاش مردنی دامەزرێنەری دەزگاکە پێویستە لە لایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکارەوە، ئەندامانی پێشووی دەستەی بەڕێوەبەر پێکەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار، بێ دواکەوتن شوێنەکان پڕ بکەنەوە، ئەمە لە دۆخێکدا گەر لانی کەمی ئەندامان لەگەڵ ئەمەدا ناکۆک بن. سەرۆک یان جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر بۆ ئەم ئامانجە بێ دواکەوتن داوای کۆبوونەوەی هاوبەشی دەستەی بەڕێوەبەر - ئەنجومەنی ڕاوێژکار دەکات و بانگهێشتیان دەکات. ئەم جڤینە لە لایەن ژمارەی یاساییەوە کارایە و خاوەن متمانە، ئەگەر دەستەی بەڕێوەبەر و نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار ئامادەبن تێیدا. هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێی دەستەی بەڕێوەبەر لەم جڤینەدا پێویستی بە زۆرینەیەکی سادەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە هەیە.

(3) پاش تەواوبوونی ماوەی کاریان، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لە کار بەردەوام دەبن تاکو ئەندامانی نوێ لەو بوارەدا دەست بەکار دەبن، ئەمە لە دۆخێکدا گەر لانی کەمی ئەندامان لەگەڵ ئەمەدا ناکۆک بن. ئەگەر پێشتر ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لە کاردا نەمان و ژمارەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر بۆ کەمترین ژمارە دابەزین، ئەوا ئەو ئەندامانەی دەستەی بەڕێوەبەر وا ماونەتەوە بەردەوامی بە کاری دەستەی بەڕێوەبەر دەدەن تاکو ژمارەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر پڕ دەبێتەوە.

(4) دەستەی بەڕێوەبەر لە ناو ئەندامانیدا سەرۆک و جێگری سەرۆک هەڵدەبژێرێت.

## مادەی شەش §6

## بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر

(1) دەستەی بەڕێوەبەر بڕیارەکانی خۆی لە جڤینەکانیدا یان لە ڕێگەی دەنگدانی نووسراوەوە دەردەکات. سەرۆک یان جێگری سەرۆک بە شێوەی نووسین بانگهێشتی هەموو ئەندامەکان دەکات بۆ کۆبوونەوە، ڕۆژ و خشتەی کاری کۆبوونەوەکە بە تەواوی دیاری دەکرێت. بەپێچەوانەوە سەرۆک یان جێگری سەرۆک داوایان لێدەکات بەشێوەی نووسین دەنگ لەسەر بڕیارەکان بدەن. دەستەی بەڕێوەبەر لە توانایدا هەیە بڕیار دەربکات، ئەگەر لانی کەم نیوەی ئەندامەکانی ئامادەی دانیشتنەکە بن. لە کاتی دەنگدان -بە نووسین-، پێویستە لانی کەم نیوەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر بەشدار بن.

(2) بڕیارەکان بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان یان ئەو ئەندامانەی لە شێوەی نووسیندا بەشدار دەبن دەردەکرێن، ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ بنەماکانی ناوخۆی دەزگاکە ناکۆک نەبن. لە دۆخی وەک یەک یان بەرانبەری دەنگەکاندا، دەنگی سەرۆک یەکلاکەرەوە دەبێت.

(3) سەبارەت بە کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەر تۆمارێک ئامادە دەکرێت و هەر لەسەرەتای دانیشتنەکەوە لە لایەن بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکەوە واژۆ دەکرێت. پێویستە بڕیارەکان بە شێوەی نووسین تۆمار بکرێن و جێگیر بکرێن.

## مادەی حەفت §7

## ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبەر، بریکاری

(1) دەستەی بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دەزگاکە دەکات لە ئاستی زاگۆنی - دادگا و دەرەوەی دادگایش. شوێنگەی نوێنەری یاسایی هەیە. سەرۆک و جێگری سەرۆک تاکە کەسن دەتوانن نوێنەرایەتی فەرمی دەزگا بکەن. ئەندامانی دیکەی دەستەی بەڕێوەبەر تەنها پێکەوە، دوو کەسیان پێکەوە، دەتوانن نوێنەرایەتی یاسایی دەزگاکە بکەن. سەرۆک و جێگری سەرۆکی دەزگاکە بەربەستەکانی مادەی ١٨١ ی زاگۆنی مەدەنی نایانگرێتەوە.

(2) دەستەی سەرۆکایەتی کارەکانی دەزگاکە بەڕێوە دەبات بە گوێرەی دەستوری ناوخۆ و بەپێی بەرپرسیارێتی خۆی. دەستەی بەڕێوەبەر دەبێت ویستی دامەزرێنەری بەشێوەیەکی کاریگەر و تواناساز جێبەجێ بکات. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر پابەندن بە شێوەیەکی ویژدانی و بە مامەڵەیەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی سەروەت و سامان و هەموو شتەکانی دیکەی دەزگاکە. ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبەر بەتایبەتی ئەمانەن:

1. داڕشتن و ئامادەکردنی بودجەی دەزگاکە.
2. بڕیاردان بۆ بەکارهێنانی دارایی و ئەو داهاتانەی دەزگاکە کە بودجەی زیادە نین.

3 . تەواوکردن یان ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دەزگا و حیساباتی ساڵانە دەربارەت خەرجییەکان -داهات و خەرجی- ی دەزگاکە و هەروەها سەبارەت بە سەروەت و سامانی دەزگا (بە گوێرەی مادەی ۱۱ بەشی ۲).

(3) دەستەی بەڕێوەبەر دەتوانێت چوارچێوەی بەڕێوەبردنی کار دروست بکات. بۆ ئەو کارە پێویستی بە مۆڵەتی ئەنجومەنی ڕاوێژکار هەیە.

## مادەی هەشت 8§

## ئەنجومەنی ڕاوێژکار، سەرۆکایەتی

(1) ئەنجومەنی ڕاوێژکار بریتییە لە سێ بۆ پێنج ئەندام کە کارەکانیان خۆبەخشانە و بێ دراو بەڕێوەدەبەن. بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار مافی ئەوەیان هەیە خەرجی و مەسروفاتی پێویستیان پێبدرێتەوە.
(2) ئەندامانی یەکەمین ئەنجومەنی ڕاوێژکار لە لایەن بەڕێوەبەرێتی دەزگاکە خراونەتە کارەوە، هەموو ئەوانی دیکە لە لایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکارەوە بانگ دەکرێن بۆ کار. ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی ڕاوێژکار کە دەستبەرداری کار دەبن، پێویستە لە لایەن ئەنجومەنەکەوە شوێنەکانیان یەکسەر پڕ بکرێنەوە، ئەمە ئەگەر ژمارەی ئەندامان لە نیوە کەمتر بێت. ئەگەر ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار بۆ نیوە کەمتر هاتە خوارێ، ئەوا ئەندامانی ئامادە بە تەنها ئەنجومەنی ڕاوێژکار پێکدێنن، تاکو ئەنجومەنەکە تەواو پێک دێننەوە. بواری سەرلەنوێ سازکردن و دروستکردنەوە هەیە.
(3) ئەنجومەنی ڕاوێژکار سەرۆک و جێگرەکەی لە ئەندامانی خۆی هەڵدەبژێرێت.

## مادەی نۆ 9§

## بڕیارەکانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار

(1) ئەنجومەنی ڕاوێژکار بڕیارەکانی خۆی لە جڤینەکانیدا یان لە ڕێگەی دەنگدانی نووسراوەوە دەردەکات. سەرۆک یان جێگری سەرۆک بانگهێشتی هەموو ئەندامەکان دەکات بۆ کۆبوونەوە بە نووسین و ڕۆژ و خشتەی کاری کۆبوونەوەکە بە تەواوی دیاری دەکرێت. سەرۆک یان جێگرەکەی داوایان لێدەکات کە بەشێوەی نووسین دەنگ لەسەر بڕیارەکان بدەن. ئەنجومەنی ڕاوێژکار لە توانایدا هەیە بڕیار دەربکات ئەگەر لانی کەم نیوەی ئەندامانی ئامادەی دانیشتنەکە بن. لە کاتی دەنگدان بە نووسیندا، پێویستە لانی کەم نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار بەشدار بن.

(2) بڕیارەکان بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان یان ئەو ئەندامانەی لە شێوەی نووسیندا بەشدار دەبن دەردەچن، ئەگەر لەگەڵ بنەماکانی ناوخۆی دەزگاکە ناکۆک نەبن. لە دۆخی وەک یەک یان بەرانبەری دەنگەکاندا، دەنگی سەرۆک یەکلاکەرەوە دەبێت.

(3) سەبارەت بە کۆبوونەوە ئەنجومەنی ڕاوێژکار تۆمارێک ئامادە دەکرێت ، هەر لەسەرەتای دانیشتنەکەوە لە لایەن بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکەوە واژۆ دەکرێت. پێویستە بڕیارەکان بە شێوەی نووسین تۆمار بکرێن و جێگیر بکرێن.

## مادەی دە §10

## ئەرکەکانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار

(1) ئەنجومەنی ڕاوێژکار ڕاوێژ پێشکەش دەکات، پشتگیری و چاودێری دەستەی سەرۆکایەتی دەکات لە کار و چالاکییەکانیدا. ئەرکی ئەنجومەنی ڕاوێژکار بە تایبەتی ئەوەیە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات لەسەر:

a- پێشنیازکردن بۆ هەڵسووڕانی سەروەت و سامان و بەکارهێنانی تواناکانی دەزگاکە.
b- چاوەدێریی دارایی ساڵانەی دەزگاکە بەپێی مادەی ٣ بەشی ٣.
c- ڕاپۆرتی ساڵانەی دەزگاکە بەپێی مادەی ١١ بەشی ٣.
d- بارسووک کردنی دەزگاکە و بەکارهێنانی تواناکانی دەزگا.
e- دامەزراندن و لەکارخستنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری دەزگاکە.
f- دامەزراندن و لەکارخستنی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار.
g- مۆڵەتدان بە دەستووری ناوخۆی دەستەی بەڕێوەبەرێتی دەزگاکە.

(2) ئەنجومەنی ڕاوێژکار بڕیار لەسەر گۆڕانکاری دەدات دەربارەی دەستووری ناوخۆی هەمیشەیی، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکە و تێکەڵبوونی لەگەڵ دەزگایەکی دیکەدا بە پێی مادەی ١٢.

(3) ئەنجومەنی ڕاوێژکار دەتوانێت دەستووری کاری خۆی هەبێت.

**مادەی یازدە §11**

**بەڕێوەبەرێتی، ساڵی دارایی**

( 1 ) ساڵی دارایی ساڵی ڕۆژژمێرە.

( 2 ) پێویستە دەستەی بەڕێوەبەر هەموو داهات و دەرچووی -خەرجی- دەزگاکە و تۆمارەکانی پەیوەندیدار بەو مژارەوە کۆبکاتەوە و بیانپارێزێت. دەبێت لە کۆتایی هەموو ساڵێکی کاردا داهات و خەرجیی دەزگاکە ئامادەبکرێن، هەروەها دەربارەی سامانی دەزگاکە و سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دەزگاکەیش ڕاپۆرت ئامادە بکرێن.

( 3 ) ئەنجومەنی ڕاوێژکار تۆمارەکان تاوتوێ دەکات و بڕیار دەدات لەسەریان بەگوێرەی بەشی ٢ ڕستەی ٢ وەکوو ڕاپۆرتی ساڵ.

( 4 ) دەستەی بەڕێوەبەر دەتوانێت بەڕێوەبەری کار دابمەزرێنێت بۆ دەزگاکە، کەسێک کە ناچار نەبێت هاوکات ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریش بێت. بۆ ئەو بەڕێوەبەرە دەکرێت بە گوێرەی داهات و توانای دارایی دەزگاکە پاداشت دیاری بکرێت، تاکو ئەو سنوورەی بۆ بودجەی دەزگاکە گونجاو بێت.

**مادەی دوازدە §12**

**گۆڕانکاری لە دەستووری بنەڕەتیدا، هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکە**

**تێکەڵبوون لەگەڵ دەزگایەکی تردا، کەڵەکەبوونی سامان**

( 1 ) بڕیارەکان، ئەو بڕیارانەی دەستووری دەزگاکە دەگۆڕن، بەگوێرەی بەشی ٢ بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان یان بە بەشداری و دەنگدانی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار بە شێوەی نووسین دادەڕێژرێن.

( 2 ) بڕیارەکانی سەبارەت بە گۆڕانکاری لە دەستووردا، کە پەیوەندیان بە ئامانجەکانی دەزگاکەوە هەیە، یان بڕیاردان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکە، یاخود یەکگرتنی لەگەڵ دەزگایەکی تردا تەنها دەکرێت لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری وەها بدرێت کاتێک سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکار ئامادەبن، دەنگی پێبدەن، تەنها ئەو کاتە دەکرێت لەو بارەیەوە بڕیاری کۆتایی بدرێت. بڕیارگەلی لەو جۆرە تەنها ئەو دەم کاری کردەیە دۆخەکە وەها گۆڕابێت کە ئامانجەکانی دەزگاکە ئیتر واتایەکیان نەمابێت.

( 3 ) لە دۆخی هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکە یان لە دۆخی نەمانی ئیمتیازەکانی باجدا، سەروەت و سامانی دەزگاکە دەگوازرێتەوە بۆ دەزگایەکی زاگۆنیی گشتی-فەرمیی ماف یان دەدرێت بە دەزگایەک کە لە باج

بەخشرا بێت، بەڵام بە مەرجی بەکارهێنانی ئەم سەروەت و سامانە، تەنها لە بوارەکانی زانست، لێکۆڵینەوە، پەروەردە و فێرکردن، یان کاری کولتوری یاخود کاری هونەری.

## مادەی سیازدە §13

## چاودێریکردنی دەوڵەتی

(1) بەپێی تۆمارەکانی زاگۆنی دەزگاکان لە بەرلین، دەزگاکە لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدایە لە بەرلین.

(2) ئەندامانی دەستەی بریکاری دەزگا بەگوێرەی مادەی ٨ ی زاگۆنی دەزگاکانی بەرلین لەسەریانە چاودێری بکەن و چاودێرییەکەیان ڕابگەیەنن.

1. ڕاگەیاندنی یەکسەری بنیاتنانی بەشەکانی دەزگاکە و بەجۆرێکی وەها دابەشکردنی نووسینگەکان لە نێو بەشەکاندا پێشانبدرێن بۆ دەستەبەرکردنی بەڵگە و تۆمارەکان، (تۆمارەکانی هەڵبژاردن، بەڵگەکانی دامەزراندن، ڕاگەیاندنی وەرگرتن و دەستلەکارکێشانەوە یان بەڵگە و تۆمارەکانی دیکە)، هەروەها ڕاگەیاندنی ناوونیشانی دەزگا و ناوونیشانی نیشەجێبوونی ئەندامانی بەشی بریکار.
2. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی بڕیارلەسەردراو بە گوێرەی مادەی ١١ بەشی ٣. ئەم کارە دەبێت لە ماوەی چوار مانگ پاش تەواوبوونی ساڵی کار ئەنجام بدرێت. پێویستە بڕیاری ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەکو پاشکۆ لەگەڵ بێت.
3. بڕیار سەبارەت بە گۆڕانکاری لە دەستووردا، یان بڕیاردان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکە، یاخود بڕیاری یەکگرتنی لەگەڵ دەزگایەکی تردا، ئەم بڕیارانە پێویستیان بە مۆڵەتی دەزگاکانی چاودێری دەوڵەتی هەیە. مۆڵەتیش بۆ ئەو کارە بەپێی مادەی ٧ بەشی ١ دەبێت. ئەو ئەندامانەی دەستەی بەڕێوەبەر کە مافی بریکارییان هەیە لە لای دەزگاکانی چاودێریی دەوڵەت وەکوو داخوازینامە پێشکەشی دەکەن.